کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە

# سامالٚ دەروێش و یەکەم(CD)

زیاتر لە هەشت مانگە سامالٚ دەروێش (CD) ساتێک لە ئێوارەی بلاٚوکردۆتەوە. ئەم( CD) لە شەش گۆرانی پێک هاتووە، کە سەرجەم ئاوازەکانی خۆی دایناوە، شیعرەکانیش شیعری (غریب پشدە ری، حمە کاکە ڕەش و ئەحمەد محمەد ) ە.

سامالٚ دەروێش هونەرمەندێکی مۆدێرن و جیهانبینێکی ئازادیخوازە. بە پشت بەستن بە سەلیقەی هونەری خۆیی وئیرادەی گەورەی خۆی ئەم بەرهەمەی خستە ناو خەلٚکەوە، بەبێ یارمەتی هیچ  کەس و لایەن و گرووپ و دەزگایەکی ڕاگەیاندن.

سامالٚ، بەم کارەی بەرزی هونەرو هونەرمەندی نەخشاند. تەفسیرێکی تازەی بەهونەر بەخشی.  ئەویش ئیرادەی هونەرمەندە بۆ هونەروو بۆ ژیان.

سامالٚ، دەنگێکی تا بلٚێی ئارام و زۆر ڕۆمانسیە، ئاسودەیی بە ڕووح دەبخشێت، ئارامیش بە جەستە.

سامالٚ، هە ستی بیستنی مرۆڤ ماندوو ناکات ژێیەکانی دەنگی ئەوەندە ئارام بەکاردەهێنێ کە هە ندێ جار واهەست دەکەیت مۆسیقا زالٚە بەسەر دەنگیدا.

بەداخەوە بەهۆی بێ پالٚپشتی و لا لێنەکردنەوەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەم جۆرە کارانە ئەم بەرهەمە لە ئاستی پێویستدا لە ناو کۆمەلٚگادا بلاٚونەبۆوە.

بۆیە پێشنیاردەکەم لە ڕێگای مەلٚپەڕی هونەرمەندەوە  زیاتر ئاشنابن بەم هونەرمەند. www.samaldarwesh.com

ئەوەی لەکۆتایدا گرنگە بیلٚێم ئەوەیە.....

ئەگەر سامالٚ بەو سەلیقە هوونەریەوە بەو ئیرادە گەورەیەوە بەردەوام بێێت پاشەڕۆژێکی باش چاوەڕێ دەکات و لە داهێناندا دەبینرێتەوە.

ئاسۆ گۆران ـ لندەن   2007/04/19